**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



# سوتانی مۆمێك

بەدیار قرچە قرچی سوتانی جەستەی مۆمێکەوە هەڵکوڕ مابوو.چۆن تاریکایەکە بەر لەگەشانەوەی نوری مۆمەکە کەوت و مەرگێکی سامناکی بەخشیە جەستەی سپی و باریکەی ئەو.لەوەدەگەڕا بۆ کینەیەك بەرلەسۆزێکی نەرم دەگرێ و گوڵ خونچەیەك بەر لەگەشانەوەی هەڵدەوەرێ و بەر لەبینینی ڕۆشنای کازیوە ساوایەك گیاندەسپێری و پەنجەرەکان دادەخرێن و......بۆنی جەستەی مۆمەکە کلاڵفەی بیرکردنەوەی زاکیرەی ئەمی پێچایەوە.بەهەردوو دەستی ڕاست و چەپی قۆڵ و باسکی خۆی گوشی و هێندەی تر خۆی گرموڵە کرد. سەیرە تاریکایی چەند کاریگەرە خەریکە ڕۆشنایەکەم لێ بزر دەکاو دەیتۆرێنێ. ئەم چەند وشەیەی هەڵبزرکاندو کەمێك سەری بەرز کردەوە.دەستە چەپی بەسەر و پرچیدا هێنا. بەسەر پەنجەیەکی ئەو دەستەکەشی تواوەی مۆمەکەی گلێر دەکردەوە.ئەی سوتاووی بێ ئاگا هەستەو بەئاگابێ.نەفرەت کە لەخۆ توادنەوەو سوتاندن. هانا مەبە بۆ مەرگ.مەبە پەروانە بۆ دیدەی من و هەزارانی وەکو من.بێدەنگ بوو.چرکە چرکی کاژێرەکە ئەمی هەڵدەلەرزان و لەگەڵ ترپەی دڵی یەکانگیردەبوو.کەمێك بەخۆیدا چوو.هەستایەوەو ڕوەو دۆلاڵبی جلەکانی دوو هەنگاوی نا.دەستی گەیشتێ و لەگەڵ کردنەوەی دەرگای یەك لایاندا کراسە تەنکە ئەرخەوانیەکەی بەدەستەوە هات.و دوای چەند چرکەیەك لەتەماشاکردن.خۆی ڕووت کردەوەو لەبەری کرد.کراسێکی تەنکی ئەرخەوانی سەرجەم جەستەی ڕوتی پێدەڕازاندەوە.بەو چەشنە ڕاماو کەمێك سەرگۆی مەمکانی ختۆکە دا.پاشەو پاش گەڕایەوە سەر جێگەکەی و لەگەڵ ئەم چەند ووشەیە ماڵئاوایی لەشەو کرد گەمژە.بۆ هێندە مژمۆڕ و دۆ ڕژاوی.مەترسە.خۆشەویستی بکەرە سەر مەشق و ماچی جێژوانەکان بکەرە فیشەکە شێتەو شەوێکی ئاوا ئەرخەوانی لەبەری پێ بڕازێنەوە.

## (شێتێکی تر)

بۆخۆی مت و بێدەنگ بەدیار چەند پەڕە کاغەز و پاکەت و چەرخەکەیەوە دۆشدامابوو، نەیدەزانی پەنا بەرێتە کام بەر و لەدژی کامیان بنوسێ.کامیان هەڵبژێرێ و بەسەر کامیاندا بیارێنێنێ. بەهەشتی ڕازاوەی ژیان. یان. دۆزەخی نادیار و چەرمە سەریەکانی، بەئاستەم چاوەکانی هەڵدەهاتن.دەستێکی بەردایەوە سەر پاکەتەکەو جگەرەیەکی لێ داگیرساند.لەنێو مەغزای بەیەکداچوونی دووکەڵ و پانتایی ژوورەکەدا لەوە دەگەڕا.ماڵی سنورداری ، یە ڤینێك ببینێتەوەو چیتر ترسی هەمیشەی پەرتەوازە نەکات. تۆ بڵێی گومانێك بمانگەیەنێتە هەقیقەتی بوون. ڕستەکەی تەواو نەکرد.دەستە چەپی کردە کۆڵەکەو خستیە ژێر چەناگەو کەویلاکی.خەریکە دەبمە دوو لەتەوە .دۆزەخی یان بەهەشتی.کامە لەوی دی بەنرختر و گرنگترە. ئەمەیە دوو ڕوانگەو بەری جیاواز.گەرمی جگەرەکە پەنجەی چرچاندەوەو سەری بەتەپڵەکەکەدا پێ کردو پلیقاندیەوە.چرا نەوتیەکە هاتە کزی و خامۆش بوون.لەکوژانەوەدا بوو بێ ئەوەی ڕستەیەك بنوسێ هەمووی بەسەر یەکدا داوو بەفویەك ژورەکەی

تاریك هەڵگەڕاند و بەسەر نوێنەکەیدا نوشتایەوە.تا ئێستاش نازانم لەکوێی هاوکێشەکەدام .بزەیەکی نادیار گرتی .ئای کە شێتی..

## ئێوارە

هێشتا لەنێو جرِو جەنجاڵی و ژاوەژاوەو قەرەباڵخی خەڵکەکە نەهاتبووە دەر. هەستی سەر زەنشتکردنی خۆی بەسەر خۆیدا کەوتە گەڕ و پەلاماری دا. ئەرێ تۆ بۆ ئەوەندە گەمژەو گەلحۆی. دەتەوێ بەچیتەوە دنیا بگۆڕیت و ڕوئیای خەڵك بخوێنیتەوە. دەروونناسیی. پسپۆڕی.چیت.. بیر لەخۆت ناکەیتەوە .ئەرێ لەخۆت ناڕوانی.نازانی تا ئێستاش دۆگماو بێئەقلانە شتەکان دەبینی. بۆ خۆت دەخلافێنی. هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ و شتەکان ڕێڕەوێکی تایبەتیان گرتووە و بەردەوام لەفۆزاخی خۆیاندان. دەموو چاوی گرژ بوون و چرِوچارەی بەیەکدادا، بەلاچاوێك تەماشایەکی لای خۆرئاوای کرد و بێدەنگ بوو، دەستە ڕاستی بەسەر قژیدا هێناو لەبەرخۆیەوە، پرتەو بۆڵەیەکی کرد ووتی: دیسان ئێوارە.

## جەستە

نەیزانی چی بوو لە چاوتروکانێکدا و لەنێوو قیژەو دەنگی تەقەو قرمەی گوللە دا گیرسانەوە. دەشتاییەکی قاقرِو تەژی لەبێدەنگی و تا چاوبرِکات جگەلەئەمان چۆڵ دیار بوو. چەفتە لەسەرێك و ڕەشتاڵەیەکی گرگن و چەند کەڵپە سورێك تێی ئالابوون. هەریەکەو لەگۆشەیەکەوە دەستی لەجەستەی دەکوتاو خۆی دادەمرکاندەوەو گۆ لێوەکانی دەمژی...

## ئەو

ئەوبەردەوام بیری لەوە دەکردەوەکەئەم دانیشتن خۆخواردنەوەیەوچی قاوغێکی بەتاڵ و لێکدانەوەیەکی بێ ورزە. کوت و مت لە پەرداخێکی بێشەراب دەچێ بەدەم و لێوی ئاشقێکی سەکرانەوە کە جگە لەجوڵەو وورتە ورت هیچی دی نابینێ و نابیسێ و..... بەئاستەم و وەك ئەوەی بەئاگابێت پەرداخەکەی لەبوتڵە دانراوەکە دەدات ودەیەوێ گۆمی گفتووگۆی خۆشەویستی بشڵەقێنێ، سەیرە ئەمە چیە. زەردەخەنەیەکی سارد و بێمانای لەسەر لێوان ترازاندو بەهەردوو دەستی توند لاچانگێکانی کەلەسەری خۆی گوشی. دنیایەکی سەیرە.